# هەرکەسێک بمرێت وئەوانەی لەسەری دەوەستن ودەگرین بڵێن: چی شاخێک (مەزنێک) بوو، چی پاڵپشتێک (هاوکارێک) بوو، یان هاوشێوەی ئەمانە؛ ئەوا دوو فریشتەی بۆ دەستنیشان دەکرێت بە مستەکۆڵە لە سینگی دەدەن ودەڵێن: ئایا بەو شێوەیە بوویت؟

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بمرێت وئەوانەی لەسەری دەوەستن ودەگرین بڵێن: چی شاخێک (مەزنێک) بوو، چی پاڵپشتێک (هاوکارێک) بوو، یان هاوشێوەی ئەمانە؛ ئەوا دوو فریشتەی بۆ دەستنیشان دەکرێت بە مستەکۆڵە لە سینگی دەدەن ودەڵێن: ئایا بەو شێوەیە بوویت؟».

[حەسەنە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر مسوڵمان بمرێت، وکەسێک لە ئەوانەی لەسەری دەگرین وهاوار دەکەن وباسی ئەوە دەکەن کە ئەم مردووە لە لای ئەوان وەکو شاخ بووە لە کاتی ناخۆشییەکاندا داوای یارمەتیان لە ئەو دەکرد، وپاڵپشت وهاوکاریان بوو، یان هاوشێوەی ئەمانە لە قسەکانی شایستە و وەسفکردن؛ ئەگەر وا بڵێن دوو فریشتە دێن بۆ لای مردووە بە مستەکۆڵە لە سینگی دەدەن (وپاڵی پێوە دەنێن) وپرسیاری لێدەکەن -ڕوون نییە مەبەستیان لەو لێدانە چییە چونکە لەم فەرموودەیەدا ئاماژەی پێنەکردووە- ودەڵێن: ئایا تۆ لە ژیاندا بەو شێوەیە بوویت؟

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8917

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee